# سەرەمەقەست -5

## کلیلی چوونە ناو زانکۆ

هەرچەندە هاتوهاوارێکی زۆر کرا کە گوایە "قبوول خاص" نەماو ئیتر هەموو کەسێك بەپێی نمرە لە زانکۆ وەردەگیرێت کەچی بەپێی بلاوکراوەی "خوێندنی لیبرال" ١١٦ کەس لەرێگەی رێکخستنی یەکێتییەوە ناویان نێردراوە بۆ زانکۆ (هەرچەندە مامۆستایەکی زانکۆ پێی وتبووین ژمارەکە ٢٥٠ کەسە بەلام نەمانتوانی لەم ژمارەیەی دوایی دلنیا بین). شایەنی وتنەو بەپێی قوتابییەکی دۆست سایتەکەمان ئەو بلاوکراوەیە پاش بلاوکرنەوەی ئەو هەواڵە چاوێکی سەوزی لێ سوورکرایەوە

## دوایەمین ئەنجامی جیاکردنەوەی دەنگەکان لە ئەمەریکادا

٣ رۆژ پاش تەواوبوونی دەنگدان لە هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکا ویلایەتی (ئایەوا) دوایەمین ویلایەت بوو ئەنجامەکانی خۆی ئاشکرا بکات کە تێیدا بوش حەوت دەنگە ئینتخابییەکەی ویلایەتەکەی دەستکەوت. بە ژمارەی دەنگی جەماوەریش بوش ٧٤٥،٩٨٠ دەنگی دەستکەوت بەرامبەر ٧٣٢،٧٦٤ بۆ کیری. پێش (ئایەوا)ش ئەنجامەکانی نیومەکسیکۆ ئاشکراکران و بەهەردووکیان بوش ٢٨٦ دەنگی ئینتخابیی دەستکەوت بەرامبەر ٢٥٢ بۆ کێری. کێری پێش ئەوەو کاتێك نیشانەی دۆڕاندنی لە ویلایەتی ئۆهایۆ دەرکەوت سەرنەکەوتنی خۆی لە هەڵبژاردنەکاندا راگەیاند.

*سی ئێن ئێنی عەرەبی ٦ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٤.*

## بەریتانییەکان لەپێناوی ئاسایشی جیهان (کێری) بەباشتر دەزانن

راپرسییەکی رۆژی یەکشەممە ٢٠٠٤/١٠/٣١ دەریخست کەزۆربەی بەریتانییەکان وای بۆ دەچن کە سەرکەوتنی پاڵێوراوی دیموکرات لە هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکا ئەنجامێکی باشتری هەیە بۆ ئاسایشی جیهان. بەریتانییەکان هەروەها وایان باوەڕە کە سەرکەوتنی کێری زیان بە سەرۆك وەزیرانی بەریتانی تۆنی بلێر لەسەر ئاستی جیهانیدا دەگەیەنێت ئەویش لەبەر تیشکی هاوپەیمانییەکەی لەگەڵ سەرۆکی ئێستای ئەمەریکا جۆج بوش (ئەلەبەیانی ئیماراتی ١٠/٣١)، لەلایەکی ترەوە بلێر هەندێك ئاماژەی دۆستانەی بۆ کێری ناردووە، ژنی بلێریش رەخنەی لە جۆرج بوش گرتووە سەبارەت بە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە گوانتانامۆ.

## هەڵبژاردنو بەدیهێنانی دیمو"کراسی"

## پارتی ماکسی بەسەر ژنانی شارەزووردا دابەش دەکات

لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی هەڵبژاردنەکان پارتی دەرگای خەزنە داخراوەکانی کردۆتەوەو دەستی کردووە بە پارە دابەش کردن بۆ کڕینی دەنگەکان. یەکێك لەو چالاکیانە کڕینی ژمارەی مەوللیدە بۆ چەند مزگەوتێك. لە مزگەوتی شێخ فەرید لە سلێمانی پیاوێك هەڵساو وتی : "موسڵمانێکی لقی چوار مەوللیدەی بۆ مزگەوت کڕیوە خوا خێری

بنووسێ". کەسیش نەبوو لەوێدا پێی بڵێت ئەو "موسڵمانە" تا دوێنی لەکوێ بووە یان پێی بڵێت بۆچی هەمیشە باس لە دوورخستی دین‌و مزگەوت لەسیاسەت دەکەن کەچی ئێستا سیاسەتێکی زۆر سەقەت (واتە کرێنی دەنگ) لە مزگەوتدا دەکەن. لە چەند گوندێکی شارەزووریشدا پارتی کراسی ژنانە (ماکسی)ی بەسەر ژناندا دابەشکردووە. رەنگە وتنی نەوێت کە هاووڵاتییان تەنها ئەم ماوە کەمە لەو دیمو"کراسی"یە سەیروسەمەریە سوودمەند بن‌و لەوە بەدوا و تا دوانزە ساڵی تر دەرگاکانی خەزنەکان دادەخرێنەوە (بێگومان بەڕووی هاووڵاتییان بەتەنها). هەرکاتێکیش نموونەی تری ئەو دیمو"کراسی"یەمان دەستکەوت لە پێکەنین‌و گاڵتەکردن پێی بێبەشتان ناکەین ئێوەش بێبەشمان مەکەن.

## لە ئەمەریکاشدا شێواندنی هەردوو دیموکراسی‌و تەکنەلۆجیا

چەند زانایەکی ئەمەریکی ئێستا دیراسەی جیاوازیەکانی نێوان ئەندامان‌و لایەگرانی حزبی کۆماری‌و حزبی دیموکراسیی ئەمەریکا دەکەن ئەویش لەریگەی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای سکانکردنی مێشك كە لە نەخۆشیی زهایمەرو تەنیایی بەکاردێت. ئەم هەوڵەش بۆ ئەوەیە یارمەتیی سیاسەتمەداران بدەن لەبورای تێگەشتن لە دنگدەران لە کاتی هەڵبژاردندا. چەند زانایەکی زانکۆی کالیفۆرنیا دە کەسی دیموکرات‌و دەی تری کۆمارییان تاقی کردەوە دوای بینینی پالێوراوی خۆیان واتە کیری‌و بوش و ئەوەیان بۆ دەرکەوت کە ئەو ناوچەیەی مێشك کە بەرپرسە لە چالاکیی خۆخستنە بەرگی سۆزدار (التقمص العاطفي)Empathy چالاکترە بووە. بەرامبەر بەوەش لۆبییەکی نەیار بەو تەکنەلۆجیا نوێیە هێرشی بردە سەر ئەم جۆرە تاقیکردنەوانەو رایگەیاند" ئەمەیە چیرۆکی گەندەڵی لە بواری لیکۆڵینەوەی زانستی، چونکە ئەمە تەکنەلۆجیایەکی پێویستە بۆ کەمکردنەوەی موعاناتی خەڵکی بەکار بهێنرێت نەك بۆ ئەوەی پروپاگەندەی سیاسی کاریگەرتر بێت".

*سایتی سی ئێن ئێنی عەرەبی ٢٠٠٤/١٠/٣٠*

## زیاکردنی کەمێك دۆلار و دنیا پڕکردن لە هاوار

وەفدێکی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستانی سەر بە یەکێتی لە کۆتایی ئەم مانگە سەردانی عومەر فەتاح سەرۆکی حکومەت کردو لە ئەنجامی سەردانەکە بڕیاردرا ئەو پارەیەی دەدرێتە قوتابیانی زانکۆ و پەیمانگەکان زیاد بکرێت ئەویش بەم جۆرە: ئەوانەی دەرەوەی شار لە سی‌و حەوت هەزارو پێنج سەد دینارەوە ببێتە پەنجا هەزار دینار (واتە لە ٢٥ دۆلارو نیوەوە بۆ ٣٤ دۆلار)و ئەوانەی لەناو شاردا دەژین لە ٢٢ هەزار دینارەوە بۆیان بکرێتە ٣٠ هەزار دینار (واتە لە ١٥ دۆلارەوە بکرێتە ٢٠ دۆلارو چل سەنت). ئەو برە پارەیەی قوتابی وەریدەگرێت لە ئەسڵدا بێمانایە بەتایبەتی بۆ قوتابییەکی زانکۆ و بۆ ئەو هەموو پارەیەی هاتۆتە دەستی حکومەتی هەرێم، ئیتر دەبێت ئەو زیادکردنە چەند بێکەڵك بێت؟ لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵەی خوێندکاران کردییە هاوارو ئەو بڕیارەی کردە دەستکەوتی خۆی. پرسیارەکەش ئەوەیە: بۆچی تا ئێستا ئەو کۆمەڵەیە ئیشی بۆ سەرجەم قوتابیان نەکردووەو رێکخراوێك بوو بۆ بەخشینی ئیمتیازات بە ئەندامەکانی خۆی بەتەنیا؟ ئەو قسانەش لەو کۆبوونەوەیە وتران ئاشکران: کۆمەڵەکە بە سەرۆك حکومەتی وت کاتی هەڵبژاردن نزیك بۆتەوەو پێویستە کۆمەڵە شتێك بکات بۆ دەستکەوتنی جەماوەرێتی ئەویش ئەو بڕیارەی دەرکرد،

واتە زیاد کردنەکە لەبەر خاتری چاوی کاڵی قوتابیان نەبووە بەڵکو لەبەر دەستکەوتنی دەنگ. لە دوای هەڵبژاردنیشەوە قوتابیان بەتەمای هیچی تر نەبن.

کۆتایی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٤

## ٢٥ دەرچووی بەشی ڕاگەیاندن بێ بڕوانامەی پێویست بوون

بەپێی ڕێنماییەکانی زانکۆی سلێمانی دەرچووانی یەکەمی خانەی مامۆستایان بۆیان هەیە تەقدیمی کۆلێجی پەروەردە بکەن بەڵام بۆ کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان پێویستە قوتابی بڕوانامەی شەشەمی ئامادەیی کەمتر نەبێت کەچی ٢٥ قوتابی لەوانەی ئەمساڵ بەشی ڕاگەیاندنی ئەو کۆلێجەیان تەواو کرد بڕوانامەی ئامادەییان نییە بەڵکو هی خانەی مامۆستایان. بەڵێ بەشی ڕاگەیاندن بەشێکی ستراتیجییە چونکە خزمەتی سوڵتان دەکات بۆیە ڕێنماییەکانیانی بۆ پێشێل دەکرێن.

## ئەم جۆرە "هاوپەیمانە" حورمەتی نییە

ئێریك ئیدلمان باڵیۆزی ئەمەریکا لە ئەنقەرە لەکۆڕێکدا ڕایگەیاند کە کورد هەوڵ دەدات باری دیموگرافیی شاری کەرکووک بگۆڕێت ئەویش لەڕێگەی بانگکردنی خێزانی کوردو نیشتەجێکردنیان لەو شارە. بەپێی نابراو کەرکووک بەشێك نییە لە ناوچەکانی کورد. ئەوەشی وت کە ئەو زەویانەی دەستیان بەسەردا گیرابوو دەگەڕێنەوە بۆ خاوەنەکانیان‌و"ئێمە پشتگیریی بەکارهێنانی هێز بۆ گۆڕینی باری دیموگرافیی شارەکە ناکەین". ئەم هەواڵە "تورکمان ئیلی" کە بەرەی تورکمانیی عیراق دەریدەکات لە ژمارە ٧١١ی‌یدا لە ٢٠٠٤/١٠/٢٤ بڵاویکردۆتەوەو هەفتەنامەی "ئاسۆ" هەمان هەواڵی بڵاوکردۆتەوە.

تەعلیق: ئاخر پارتی‌و یەکێتی هاوپەیمانێکن لە "جۆرێکی تایبەت" بۆیە هەموو شتێك بەرامبەر کورد بوترێت ئاساییە.

## بن لادن: ڕژێمە عەرەبییەکان کاریان کردبووە سەر بوشی باوك

لە تۆمارێکی بە دەنگ‌و وێنەوە کەناڵی ئەلجەزیرە پەیامێکی ئوسامە بن لادنی پیشان دا کە چەند تەوەرەیەکی لە خۆگرتبوو و یەکێکیان باسی لەیەکچوونی بوش‌و ئیدارەکەی لە لایەك‌و ڕژێمە عەرەبییەکان کە نیوەیان عەسکەرین‌و نیوەیان کوڕانی پاشاکان‌و سەرۆکەکان بەڕێوەیان دەبەن‌و وتی لە هەردوو لادا ئەو کەسانە زۆرن کە خۆیان بەزل دەزانن‌و چاوچنۆکن‌و بەناهەق پارە دەکێشنەوە. ئەم لەیەکچوونەش بەپێی بن لادن لەو کاتەوە دەرکەوت کە بوشی یەکەم سەردانی ئەو دەوڵەتانەی کردو ئەو ڕژێمە کاریان تێکرد. بن لادن وتی: لەو کاتەی کەسانێکی میللەتی ئێمە ئەم سەردانانە کاریان تێکرد بوو و ئاواتەخواز بوون ئەو سەردانانە کار بکەنە سەر وڵاتەکانمان کەچی بوشی باوك خۆی کەوتە ژێر کاریگەریی ئەو ڕژێمە پاشایی‌و سەربازییانەو حەسوودیی پێ دەبردن کە دەتوانن دەیان ساڵ لەسەر کورسییەکان بمێننەوەو بێ چاودێری ماڵی میللەت بدزن، ئیتر بوشی باوك ئەو تاکڕەوییە گواستەوە بۆ کوڕەکەی‌و ئەم

تاکرەوییە ناونا یاسای نیشتمانێتی ئەویش بە  بەهانەی جەنگ دژی ئیرهاب. بن لادن هەروەها ئەوەی وت کە بوشی باوك بە باشی زانی کوڕانی خۆی لە ویلایەتەکان دابنێ هەروەها ئەزموونەکانی ساختەکاریی لە سەرکردەکانی  ناوچەی ئێمەی نەقڵ کرد بۆ فلۆریدا بۆ ئەوەی لەکاتی پێویستدا سوودیان لێ وەربگرێت کە  ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەو تۆمەتانەی درانی پاڵ بوشی کوڕ کە تەزویری کردبوو لە ویلایەتی فلۆریدا.

*ئەلجەزیرە نێت ٢٠٠٤/١٠/٣٠*

## فلمی فەهرنهایت ٩/١١ کەمێك پێش هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکا خرایە سەر ئینتەرنێت



مایكڵ موور

فلمی تەسجیلیی  (فلمی تەسجیلی ئەو فلمەیە دیمەنەکانی راستەقینەن) فەهرنهایت ٩/١١ کە بەرهەمی  دەرهێنەری ئەمەریکی (مایکڵ موور)ەو کە مشتومڕێکی زۆری دروستکردووە کەمێك پێش هەڵبژادنکانی ئەمەریکا خراوەتە سەر ئینتەرنێت ئەویش بەرامبەر نزیکەی دە دۆلاری ئەمەریکی. موور و ئەو کۆمپانیایانەی ئەو فلمە دابەش دەکەن بەشی خۆیان لە داهاتەکە داوە بە رێکخراوە خێرخوازەکانی جەنگاوەرە  کۆنەکانی ئەمەریکا. هەرچەندە ستۆدیۆکانی (واڵت دیزنی) رازی نەبوون ئەو فلمە دابەش بکەن  بەڵام  فلمەکە زیاتر لە سەد ملیۆن دۆلار دەستکەوتی بوو و موور شەڕێکی سەختی کرد بۆ ئەوەی فلمەکە لە سینەماکانی ئەمەریکادا پیشان بدرێت. فلمەکە هەروەها خەڵاتی فیستیفاڵی (کان)ی فەڕەنسیی وەرگرت کە لە ١٩٥٦ وە ئەمە یەکەم فلمی تەسجیلییە ئەو خەڵاتە وەربگرێت. ناوی ئەم فلمەی مووریش لە ناوی رۆمانێکەوە وەرگیراوە ئەویش "فەهرنهایت ٤٥١" کە مەبەستی نووسەرەکەی لێی پلەی  گەرمای پێویست بۆ سوتاندنی کتێب لە کۆمەڵگەی دژ بە "شاری چاك". مووریش مەبەستی  لە پلی گەرمای پێویست بۆ سووتاندنی ئازادیی (واتە ئەمەریکای پاش یانزەی ئەیلول بەو یاسایانەی دژ بە ئازادییەکانو بە شەڕە داگیرکارییەکانی). فلمەکە تۆمەتی تەزویری هەڵبژادنەکانی ساڵی ٢٠٠٠و پاشان پشتگوێخستنی ئاگاداریەکان پێش ١١ی ئەیلوول و دواتر بڵاوکردنەوەی ترس لە هێرشی هاوچەشن ئەویش تا رەزامەندیی ئەمەریکییەکان بۆ شەڕی دژی عیراق مسۆگەر بکات، هەروەها پەیوەندی بوش بە  بنەماڵەی فەرمانڕەوا لە سعوودیەو بە بن لادنەوە. فلیمەکە دیمەنی ئەشکەنجەدانی گیراوە عیراقییەکانی تێدایە هەروەها وێنە منداڵی عیراقی کە بە ناپاڵمی ئەمەریکا سووتاونو دیمەنی سەربازی ئەمەریکی بریندار.

*سی ئێن ئێنی عەرەبی ٢٠٠٤/١٠/٣٠*

## بە شەش ئەستێرەوە شەقێکی لە یاسا دا

رۆژی شەممە ٢٠٠٤/١٠/٣٠ کە دەکاتە ١٦ی رەمەزان سەعات ٣ی پاش نیوەڕۆ لەباخی  گشتی پۆلیسێکی سەرسپی کە پێدەچوو کارمەندی ئەوێ بێت بە ئاشکرا جگەرەی دەخوارد. ئەمە گوایە رێنمایی هەیە بۆ  موحاسەبەی ئەوانەی رێز لە مانگی رەمەزان  ناگرن. ئەو پۆلیسەش ئەفسەر بوو: یەك دوو.. شەش ئەستێرەی لەسەر شاندا بوو، بەڵی شەش

ئەستێرە، دالێك‌و دوو ئەستێرە. ڤیروسیاش لە پۆلیسەکەی پشتی پەیکەرکەی باخەکە بەرامبەر سلێمانی پالاس کە گوایە پەیکەری (ئانوبانینی)ی پادشایە (پەیکەرێکی پڕ هەڵەی مێژوویی- بەلام کەلتووری گردەمژە جگە لە ئافرەت‌و مەشرووب چی دەزانێ!) چونکە ئەو پۆلیسە بێ ئەستێرە بوو. جگە لەوەش زۆر ئاساییە کەسێکی ئاسایش لە پشتی سەیارەی پشت بەتاڵی ئاسایش‌و لەناو جادەی قەرەباڵغدا جگەرە بکێشێ.خاوەن پێگە هەموو ئەوانەی بینی. باشە کە دەزانن ناتوانن ڕێز لە یاسا ناگرن بۆچی یاسا دەردەکەن؟

*کۆتایی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٤*

## لیستی هاوپەیمانانی ئەمەریکا لە سایتی کۆشکی سپی لابراوە

ڕۆژی هەینی ٢٢ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٤ لیستی ئەو وڵاتانەی هاوپەیمانی ئەمەریکان لە عیراقدا لەپێگەی ئینتەرنێتی کۆشکی سپی دیار نەما. جۆرج بوش سەرۆکی ئەمەریکا شانازییی بەوە دەکرد کە ئەمەریکا سەرۆکایەتیی هاوپەیمانییەکی پەنجا دەوڵەتی دەکات لەکاتێکدا (کێری)ی موونافسی بۆ هەڵبژاردنەکان تۆمەتی ئەوەی دەخاتە پاڵ کە نەیتوانیوە هاوپەیمانییەکی راستەقینە دروست بکات. قسەکەرێکی کۆشکی سپیش وتی لابردنی لیستەکە ئاساییە هەر کاتێك دەرکەوت زانیارییەکان هەڵە بن یان کەموکورت.

*ئەلبەیانی ئیماراتی ٢٣ی تشرینی یەکەم ٢٠٠٤* www.albayan.ae

## سەرۆکی پۆلیسی شارێکی ئەمەریکی ڕۆژووی ڕەمەزان دەگرێ تا لە ئیسلام تێبگات

ڕۆب دەیڤز کە سەرۆکی پۆلیسی شاری سان هۆزێ (سان خۆزێ)ی ئەمەریکییەو کە سەر بە تایفەی مەسیحیی (مۆرمۆن)ـە بڕیاری دا هەموو ئەم ڕەمەزانە ڕۆژوو بگرێ تا لە ئیسلام‌و موسڵمانان تێبگات بەتایبەتیش کە ئەو موسڵمانانە ژمارەیان لە شارەکەدا بەخێرایی زیاد دەکات. دەیڤز وتی پەیوەندیی ئەو بە ڕۆژووەوە دەگەڕێتەوە بۆ ڕەمەزانی پار ئەویش دوای ئەوەی لەبەردەم حەوت هەزار موسڵمان وتاری داو سەرنجی دا کە ئەمانە بۆ ماوەیەك درێژ بێ خواردن‌و خواردنەوە مابوونەوە ئەو کاتەش بڕیاری دا وردەکارییەکانی ئیسلام بزانێ ئەویش لەرێگەی ڕۆژووگرتن لەگەڵ موسڵمانەکاندا. دەیڤز دەڵێ کە ئەو تەنها سەرۆکی پۆلیسی زۆرینە نییە



بەڵکو پێویستە سەرۆکی هەمووان بێ تا خزمەتیان بکات بەتایبەتیش ئەوانەی هەست دەکەن خراونەتە پەراوێزەوە. دەیڤز کە سەرۆکی یانزمەین شاری ئەمەریکییە لە رووی گەورەییەوە وتی کە بۆی دەرکەوتووە ڕۆژوو یارمەتیی دەدات تەرکیز بکات. ئیبراهیم رەئووفیش کە پۆلیسێکە لای دەیڤز کاردەکات وتی بڕیاری سەرۆکەکەی لای سەیر نەبوو چونکە ئەو کەسێکی کراوەیە لەگەڵ هەموو ئاینەکان‌و ڕەگەزەکان. بەپێی خەڵکی شارەکەش دیڤز فێربووە تێکەڵی کەمایەتییەکان‌و بیانییەکان‌و رەشپێستەکان بێت. لەلایەکی ترەوە بەرپرسێکی ئەنجوومەنی پەیوەندیی ئیسلامی- ئەمەریکی (کەیر) وتی: هەڵمان داوە مزگەوتەکان بۆ غەیری موسڵمانەکان بکرێنەوە، داواکاریی کەسانی ئەمەریکیشیان

پێگەشتووە کە دەیانەوێ سەردانی مزگەوتەکان بکەنو ساڵانە دەیان هەزار مەسیحیو جوولەکە لە رەمەزاندا سەردانی مزگەوتەکانی ئەمەریکا دەکەن تا لە ئیسلامو مەسلمانان شارەزا بن.

*ئەلعەرەبییە نێت*

## لەشاری قودسدا جوولەکە تف لە مەسیحییەکان دەکەن



مەسیحییەکانی بەشی کۆنی قودس شکاتی ئەوە دەکەن کە جوولەکە بەردەوام سووکایەتییان پێدەکەنو جۆرێك لەو سووکایەتی پێکردنە بریتییە لە تف کردن لە دەموچاویان. یەکێك لەو رووداوانە تووشی قەشەیەکی گەورە بوو ئەویش کاتێك لە کۆبوونەوەیەکی حکوومی هاتبووە دەرەوەو پیاوێکی بەتەمەنی جوولەکە لە سەیارەکەی نزیك بووەوەو لە جامی سەیارەکەوە تفێکی لە ناوچەوانی کرد. قەشەکەش وتی کە ئەو راهاتووە لەسە ئەو جۆرە کارانە. لە رووداوێکی تردا قوتابییەکی جوولەکە تفیکردە سەر خاچێك کە قەشەیەکی تایفەی ئەرمەنی هەڵیگرتبوو. تایفەی ئەرمەنیی ئەرتۆدۆکس دەڵێن کە پۆلیسی ئیسرائیلی چاوپۆشی لەم کارانە دەکەن. بەرپرسێکی کۆنی کاروباری مەسیحیەکان لە حکومەتی ئیسرائیلی وتی ئەم کارانە لەزیادبووندان و بەتایبەتی لە هەندێ جەژنی جوولەکەو دەڵێ: مەسیحی دەناسم بەدرێژایی جەژنی "مەساخیر"دەرگای ماڵ لەسەر خۆیان داددەخەن. بەرپرسێکی تریش وتی زۆربەی ئەوانە قوتابیی ئاینیی جووەلەکەنو مامۆستاکانیان لێیان بێدەنگ دەبن ئەویش ئەگەر بۆ خۆیان هانیان نەدەن و باسی رووداوێکی کرد کاتێك لەگەڵ مەترانێکی سربیدا دەگەڕاو ژمارەیەك قوتابی تفیان لە هەردووکیان کرد مامۆستاکەشیان لەگەڵدا بوو و هیچی نەوت.

*ئەلعەرەبیە نێت ١٧-١٠-٢٠٠٤*

## "کوڵاندنی" گیراوەکانی گوانتانامۆ



چەند پاسەوانێكو کارمەندێکی موخابەراتو فەرمانبەری تر کە لە بەندیخانەی گوانتانامۆ کار دەکەن بە رۆژنامەی نیویۆرك تایمزی ئەمەریکییان راگەیاند کە ئەو کەسانەی لەبەندیخانەکەدا گیراونو هاوکاری ناکەن بەشێوەیەکی زۆر خراپ مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێ. ژمارەی رۆژی ١٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٤ ی رۆژنامەکە نووسیبووی کە ئەو گیراوانە رووت دەکرێنەوەو تەنها بەجلی ناوەوە دەهێڵرێنەوەو دەستو قاچیان بە بزمار بە زەویدا توند دەکرێنو رووناکیی زۆر بەهێز دەدرێ لەچاویانو موسیقایەکی زۆر بەرز لێ دەدرێو هاوکات ئێرکۆندیشن بە بەرزترین پلەی

گەرمایی ئیشی پێ دەکرێ، هەموو ئەوەش بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ کە دەگاتە ١٤ سەعات لەرۆژێکدا. ئەم هەواڵەش لەوکاتەدا بڵاوکراوەتەوە کە بەیاننامەیەکی وەزارەتی بەرگریی ئەمەریکا دەڵێ کە سوپا "گرتنێکی ئەمینو مرۆڤانەو پسپۆڕانە لە گوانتانامۆ دابین دەکات".

*ئەلعەرەبییە نیت لە "رۆیتەرز"ەوە*

تەعلیق: ئەو پاسەوانو وکارمەندانە تێنەگەشتوون چونکە ئەو رووتکردنەی موسڵمانە گیراوەکان یادخستنیایە کە پۆشتە بوون عەیبە، دەستوقاچ بەستنیش دەرسە تا قەدری ئەو ئازادییە بزانن کە جار نییە مستەر بوش باسی نەکاتو جار نییە پەیمان نەدات لە عیراقدا لەژێر سێبەری داگیرکاری بەرقەرار نەبێ، ئەو رووناکییە بەهێزەش کە لەچاویان دەدرێ بیرخستنەوەیانە کە ئەوان تا ئێستا لە تاریکیدا دەژیان، ئەو موسیقا دەنگ بەرزەش هەوڵێکە بۆ ئەوەی دڵی گیراوەکان "تەڕ" بێ، ئیشی پێکردنی ئێرکۆندیشنیش بە پلەی زۆر بەرز بەڵگەیەکی عەمەلییە کە ئەمەریکا خاوەنی تەکنەلۆجیای پێشکەوتووەو لە هەمان کاتدا هەوڵە بۆ سەلماندنی ئەوەی کە بەهەشتی ئەمەریکی دەکرێ لە دۆزەخی گەرمی خودا گەرمتر بێ. بەردەوامبوونی ئازاردانەکەش بۆ ١٤ سەعات بەڵگەیە بۆ گیراوەکان کە ئەمەریکییەکان بە شەوو رۆژ لە خزمەتی ئەواندان بۆ ئەوەی وانەکانی ئازادییو پێشکەوتنیان پێ بڵێن.

## مەلا لە سایەی عەلمانیەتدا

لە گوندی دۆڵە سوور لە ناحیەی ناڵپارێزی سەر بە پێنجوێن قائمەقامی پێنجوێن مەلای ئەو گوندە کە ناوی مەلا عەلییەو پیاوێکی بەتەمەنەو خەڵکی گوندەکەیە ئاگادار دەکات کە نابێت وتاری هەینی بخوێنێتەوەو نابێت پێش نوێژی بکاتو نابێت سوورەتی (یاسین) بۆ نەخۆشی سەرەمەرگ بخوێنێتو نابێت بانگ بداتو نابێت لە پرسەدا قورئان بخوێنێت ئەویش تەنها لەبەرئەوەی ئەو مەلایە سەر بە یەکگرتووی ئیسلامییە. بۆ سێ مانگیش دەچێت گوندەکە نوێژی هەینیی تێدا ناکرێت.

*ئاکام پێنجوێنی-تشرینی یەکەم ٢٠٠٤*

## ئاینو مزگەوت لەسایەی عەلمانیەتدا

رۆژی ١٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٤ مەلا عومەری ولیان لە مزگەوتی ئیمام عەلی لە گەڕەکی ولووبە لە سلێمانی هەر وەکو عادەتی هەمو مانگێکی رەمەزان وتاری پاش نوێژی عەسری دەدا کابرایەکیان ناردبوو بانگی بکات بۆ دەرەوە ئەویش پاش وتارەکە دەچێتە دەرەوەی مزگەوتو پێی دەوترێت کە لەمەودوا تەنها لەنێوان نوێژی مەغریب و عیشا دەتوانن لە مزگەوتدا بمێننەوەو نابێت دوای نوێژەکانی بەیانیو عەسرو عیشا وتار بدرێت.

*کارزان جافەرانی*

## ٦٥٠پسپۆڕی ئەمەریکی سیاسەتی دەرەوەی بوش بە چەواشەکار ناودەبەن

نزیکەی ٦٥٠ پسپۆڕی ئەمەریکی کە بریتی بوون لە مامۆستایان زانکۆو پسپۆڕی ئاسایشی ناوخۆ و بەرپرسی کۆنی وەزارەتی دەرەوەو بەرگریو سەرۆکانی دەزگای زانستی سیاسی لە ئەمەریکا سیاسەتی دەرەوەی سەرۆکی ئەمەریکی جۆرج بوشیان بە چەواشەکارترین سیاسەت لە پاش جەنگی ڤێتنامەوە وەسف کرد. ئەمە لە نامەیەکدا هاتبوو کە داوای کردبوو بەپەلە سیاسەتەی دەرەوەو ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا بگۆڕدرێت و نامەکە وتی کە ئەو سیاسەتەی دەرەوەی بوش زیانێکی زۆر بە جەنگ دژی بەنا وئیرهابی ئیسلامی دەگەیەنێت. هەروەها ئەوشیان وت کە دەرکەوت پاساوەکانی داگیرکردنی عیراق راست نەبوونو ئەو وڵاتە چەکی قەدەغەکراوی نەبوو و پەیوەندی نەبوو بە رێکخراوی ئەلقاعیدە. نامەکە وتی کە کێشەیەکی گەورەتر لە پاساوە هەڵبەستراوەکانی جەنگ هەیە ئەویش مەترسیی جەنگی ناوخۆ کە بارودۆخی عیراقییەکان خراپتر دەکات لەچاو کاتی سەددام. هەرچەندە نامەکە ستایشی شەڕی بوش دژی بەناو ئیرهاب کرد بەڵام رەخنەی ئەوەی گرت کە هێزە ئەمەریکییەکان لە کوشتنو گرتنی سەرانو ئەندامانی ئەلقاعیدە سەرکەوتوو نەبوون. یەکێکیش لەوانەی نامەکەیان ئیمزا کرد وتی کە ئیدارەی بوش کەوتۆتە چاڵێکی قووڵەوەو پێویستە چیتر ناو ئەو چاڵە هەڵنەکەندرێ.

## بوش بەناچاری بە دەوڵەتێکی ئیسلامی لە عیراقدا رازییە

پاش ئەوەی ئەمەریکا چەند بەرپرسێکی ئەمەریکی بانگەشەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامییان لە عیراقدا پاش نەمانی حوکمی سەددام رەفز کردبوو جۆرج بوش لە وەڵامی پرسیارێك لە رۆژی ١٨ی‌تشرینی یەکەم ٢٠٠٤ لە چاوپێکەوتنێکی ئەسۆشێتید پرێس رایگەیاند کە ئەگەر گەلی عیراق حوکمێك ئیسلامی هەڵبژێرن بەناچاری رازی دەبێت چونکە ئەگەر ئەمە هەڵبژاردنی گەل بێت ئەوە هەڵبژاردنی گەل حسابە "دیموکراسیش هەر دیموکراسییە". بەرپرسێکی گەورەی ئیدارەی بوش کە نەیویست ناوی بڵێت وتی: سەرۆك بوش وای باوەڕە ئیسلام لەگەڵ دیموکراسیدا ناکۆك نییە.

*پێگەی ئیسلام ئۆن لاین ١٩-١٠-٢٠٠٤*

تەعلیق: ئەمە لەکاتێکدا لە دیموکراسییە تەنەکەکەی دوو حزبە دەسەڵاتدارەکەی کوردستان کە مەسخەرەتیان بە دیموکراسی گێڕاوەەو هەموو دیموکراسییەکەیان بریتییە لە قسەی زلی بێ کرادار رایگەیەندراوە کە دژی دامەزراندنی حکومەتێکی ئیسلامین هەتا ئەگەر عیراقییەکانیش دەنگی بۆ بدەن.

## کۆماری ئەنگوشیا فرۆشتنی مەشرووب لە رەمەزاندا قەدەغە دەکات

لە بڕیارێکی سەرۆك کۆماری ئەنگوشیا کە سەر بە ڕووسیایە و ئۆتۆنۆمیی هەیە فرۆشتنی مەشرووب لە مانگی رەمەزانادا قەدەغە کرا هەروەها جگەرە فرۆشتن تەنها پاش خۆرئاوابوون رێگە پێدەدرێو جگەرەکێشان لەشوێنە گشتییەکاندا قەدەغەیە. ئەم بڕیارەش لەسەر داوی هاووڵاتیان بوو.

*پێگەی ئیسلام ئۆن لاین ١٨-١٠-٢٠٠٤*

## هیومان رایتس ووچ: رووخاندنی خانووی فەلەستینیەکان پێشێلکردنی یاسای نێودەوڵەتییە

رێکخراوی ناوداری مافی مرۆڤ: هیومان رایتس ووچ رایگەیاند کە رووخاندنی هەزاران خانووی فەلەستینی لە کەرتی غەززە پێشێلکردنێکی ئاشکرای یاسای نێودەوڵەتییەو هیچ پاساوێکی نییە. هەمان شتیش لەلایەن پیتەر هانس؛ پێراسپێراوی گشتیی ئاژانسی (ئۆنروا)ی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان راگەیەنرا.

ئەلجەزیرە نێت ١٩-١٠-٢٠٠٤

## لەچاوەڕێکردنی ئەنجامی گوماناویی هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکا

هەردوو کۆماریو دیموکراتەکان خۆیان بۆ ئەنجامی هاوشێوەی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٠ ئامادە دەکەن کاتێك گومان کەوتە ئەو ئەنجامانەو لە ئێستاوە ژمارەیەك پارێزەریان ئامادە کرووەو دەستیان کردووە بە تۆمەتبارکردنی یەکتر. جۆن کیری، پاڵێوراوی حزبی دیموکرات لەبەردەمی ژمارەیەك رەشپێست رایگەیاند: ناهێڵین ئەم هەڵبژاردنانەی ئەمساڵ ببنە نوسخەیەکی ئەوانەی ساڵی ٢٠٠٠ کاتێك یەك ملیۆن رەشپێست لە دەنگدان بێبەش کران. ئەلعەرەبییە نێت.

تەعلیق: لای خۆمان دەهۆڵو زوڕنا بۆ دیموکراسییەکەی ئەمەریکا لێدەدرێ هەتا ئەگەر دە ملیۆنیش بێبەش بکرێن، زمانحاڵێشیان دەڵێ: وەرن لە ئێمەوە فێر بن چۆن بە چەپڵەڕێزان هەڵبژاردن ئەنجام دەدەین.

## ئیسرائیل لە سەرووی رەخنەیە

## دەس لەکار کێشانەوەی بەرپرسی بەشی هەواڵ لە ئیزگەی نێودەوڵەتیی فەرەنسا

پاش ئەوەی (ئالان مینارگ) بەرپرسی بەشی هەواڵ لە ئیزگەی نێودەوڵەتیی فەرەنسا ئیسرائیلی بە دەوڵەتێکی رەگەزپەرست ناوبرد ناوبراو ناچار بوو دەست لەکار بکێشێتەوە. مینارگ ئەوەی وتبوو کە ئیسرائیل دەوڵەتێکە وەك هەمو دەوڵەتەکانی ترو پێویستە رەخنە لێبگیرێ چونکە هیچ دەوڵەتێك نییە لە سەرووی یاسای نێودەوڵەتی. ناوبراو رێکخراوەکانی دیفاعکردن لە ئیسرائیلی بەوە تاوانبار کرد کە هەر تەعلیقێك لەسەر بیروباوەڕی زایۆنی بە دژایەتیکردنی سامییەت ناوزەد دەکەن. مینارگ ئەوەشی وتبوو کە جوولەکە خۆیان چووبوونە ناو (گیتۆ)کانو یەکەم گیتۆ ئەوەی ڤینیسیا بوو و جوولەکە خۆی ئەو گیتۆیەی هەڵبژارد. مینارگ ئەوەشی وت کە دیواری جیاکردنەوە (کە لەفەلەستیندا دروستکراوە) چەسپاندنی ئەو باوەڕەی تەوارتە کە داوا لە جوولەکە دەکات پاکژیی خۆیان بپارێزن.

ئەلجەزیرە نێت ١٠-٢٠٠٤

## ئیسرائیل نیگەرانە لە ناوزڕانی لەجیهاندا

ئیستگەی سوپای ئیسرائیلی راپۆرتێکی نهێنیی وەزارەتی دەرەوەی ئیسرائیلی ئاشکرا کرد کە سەرنج بۆ ئەوە رادەکێشێ کە لەوانەیە سومعەی ئیسرائیل لە جیهاندا بگاتە ئاستی ناوبانگی حکومەتی باشووری ئەفەریقا لە سەردەمی جیاکردنەوەی رەگەز (ئاپارتهایت). راپۆرتەکە بەتایبەت تەرکیز لەسەر پەیوەندی ئیسرائیل لەگەڵ یەکێتیی ئەوروپا دەکاتو دەڵێ بۆی هەیە هەردوولا بکەونە سەر دوو رێڕەوی دژ بەیەك بەجۆرێك زیان بە بەرژەوەندییە ئابووریو دیپلۆماسییەکانی ئیسرائیل بکات. راپۆرتەکەش هەروەها ئاماژەی بۆ گەڕانەوەی هەستی دژ بە سامییەت لە ئەوروپا کرد کە بە بەگوێرەی راپۆرتەکە شەرعیەتی هەبوونی ئیسرائیل ئینکار دەکات.

بی بی سی عەرەبی